# کێشەیەکی گرنگی خەلکمان لەیاد چووە؟

قادر نادر

هەموومان لە هەندەران زۆر خۆمان بە هەندێک بابەتەوە خەریک کردووە کە گرنگ و چارەنووسازە بۆخەلکی کوردستان,وەک پێشێلی ئازادییە سیاسیەکان, مەسەلە چارەنووسازە نیشتمانییەکان ,ئاشکراکردن و رسواکردنی تاوان وپیلانی دوژمنان , دزینی داهاتی خەلکی کوردستان بۆ بانقەکانی ئەورپا..............بەلام لە 15 سالی رابردوودا پێداویستیە سەرەتایی و رۆژانەکانی خەلکی کوردستانمان لەیاد چووە,یان کەمتەر خەم بووینە لە بەرامبەری !؟ زۆربەمان بەبێ ئاگایی خەلکمان تەنیا بە بابەتە سیاسیەکانەوە خەریک کردووە ؟

ئەو بابەتەی کاک عەلی محمود ,لەمالپەری دەنگەکان لە 23ـ2بلاوی کردەوە (کەرکوک نە قودسەو نە دلە بەلکو زبلدانی کوردستانە) ,وە لە هەمان رۆژدا پەیوەندیەکی تەلەفۆنیم لەگەل هاورێیەک لە شاری هەولێر کرد, لە یەکەم چرکەی قسە کردنیەوە, ئازارەکانی رۆژانەی 15 سالەی خۆیانی زۆر بە دلێکی پر لە ئازارەوە دەربری ,کەهەمان یادەوەری تالی 9 سالەشی بەبیرم هێنایەوە, کە خۆی لە مانە دەبینێتەوە (لەم زستانە نەوت زۆر بە دەگمەن دەست دەکەوێت ئەگەر هەشبێت نرخەکەی خەیالییە , نرخی یەک بەرمیل نەوت لە 7000دینارەوە بۆتە 150 هەزار لەبازاری رەش واتە 100 دۆلار, یەک بوتل غازلە 750 دینارەوە گەیشتووە بە 20000دینار , 30لیتر بەنزین لە 2000 وە بووە بە 30 هەزار دینار, کارەبا لە 24 کاتژمێر تەنیا105 دەقە هەیە ,خاوەن مۆلیدەکانیش پارەی 9 کاتژمێر کارەبایان لێ وەردەگرن کەچی زۆربەی کات 4 بۆ5 سەعاتیان پێ دەدەن, ئەگەر جار جارەش بەنرخی حکومی دابەش بکرێت ,شێوەیەکی زۆر نا دادپەروەرانە بەخۆوە دەبینێ ,کەبەشی شێر بۆ بەرپرسەکانە,ئەوانی تریش بە پێی پلە چینایەتییەکان , دەست خەلک دەکەوێت , لە هەمووشی سەیرو سەمەرەتر, بە ناو هێزەکانی پارێزگاو ئاسایش لەگەل ئۆتۆمۆبیلەکانی دابەش کردنی غازو نەوت دەسورێتەوە , جگە لەوەی بەمۆبایل سەرجەم خزم و هاورێیانیان ئاگادار دەکەنەوە, وە هەندێ ئەندامی پارتی بەجلی ئاسایشەوە بەزۆرە ملێ نۆرەکانی خۆیان دەبەنە پێش هەژارو چەوساوەکان , ئەمەش هەمان یادەوەری دەسەلاتی بەعسمان دێنێتەوە یاد, کاتێک بۆ هەمان کێشە خەلک جلوبەرگی (جەیش شەعبی و سەربازی )لەبەر دەکرد , بەقودرەتی قادر بەرمیل و غازەکانیان دەبووە ژمارەکانی سەرەتایی .دیارە ئەم بارودۆخە ناخۆشەی خەلک بەهەمان شێوە ئیمارەتی سەوزیش گرتۆتەوە .

کارەساتی ئەم جۆتە حکومەتەکە لەوەدایە ,بەقەت قاچاغچیەکانیش ناتوانن نەوت و غاز بۆ خەلک دابین بکەن !؟

سەرجەم ئەمانە هەندێ پرسیاری لا وروژاندم سەبارەت بەشێوازی دارشتن و نووسینی بابەتی رۆژنامەنوسی کوردی لەچەند سالی رابردوودا, وەک سەرجەم رۆژنامەکانی کوردستان لە 8 ــ20 لاپەڕەن ,کەچی زۆر بەدەگمەن یەک لاپەرەی تایبەت دەبینی بە کێشە سەرەکییەکانی خەلک لە ئاوو کارەبا, بەنزین ,نەخۆشخانە,زبلدانی گەرەکەکان....... ؟ .

15 سالە لاپەرەی یەکەمی رۆژنامە حزبیەکان , بەتایبەتی یەکێتی و پارتی وێنەیەکی گەورەی مامە و کاکە بە ئاخافتنەکانیان پر دەکەنەوە ؟ ئەمە جگە لە دیدارو چاوپێکەوتنە بێ سودەکانیان بۆ خەلک, هەموشی یەک کلێشەیە , تەنیا بەروار و ناوی میوانەکان دەگۆردرێت ؟ئەگەر ئەمە سیمایەکی دیکتاتۆری و پیرۆزی سەرۆک لە میللەت زیاتر نەبێت ,دەبێت ناوی چی بێت ؟ لە ولاتە دیموکراسییەکان ئەگەر وێنەی سەرۆک لە لاپەرە یەکەکان هەبێت, یان شێوازێکی کاریکاتێرییە یان بابەتێکی رەخنەگرانە یە.

بۆچی دەبێت سەرجەم هەوالەکانی لاپەرەی یەکی رۆژنامەکان,تەنیا هەوالە سیاسیەکان بێت و رووداوێکی کۆمەلایەتی یان پێداویستیەکی ژیانی رۆژانەی خەلک نەگرێتەوە ,یان مانشێتێکی رۆژنامەکان دەربری ئازاری خەلکی چەوساوە نەبێت ؟

لە مالپەر کوردیەکانیش زۆربەی نووسینەکان لەوە چر بۆتەوە داکۆکیکردن لە ئازادیە سیاسییەکان , تاوانەکانی داگیرکەران و کوشتاری خەلکی کوردستان بە دەست دوژمنە هەمە جۆرەکانی .

هەمومان ئەگەر چاوێک بەنووسینەکانمان بخشێنینەوە هەست بەوە دەکەین, ئێش و ئازاری رۆژانەی رێژەیەکی بەرفراوانی خەلکی کوردستانمان لەیاد چووە خەلکمان تەنیا بە کێشە سیاسیەکانەوە خەریک کردووە وەک ئەوەی پێداویستییە رۆژانە گرنگەکانی خەلک , لە نەوت و غاز و بەنزین و کارەبا......... گرنگییان نەبێت. بۆ ئێمەی کورد لە هەندەران هۆکارە سەرەکیەکەی هەست نەکردنە بەو ئازارە , چونکە سەرجەم ئەو پێداویستیانە مان هەیە . ئەی دەبێت چ هۆکارێک بێت رۆژنامەنوسانی نیشتمان لە نێو ئەو ئازارەوە 15 سالە نەیکاتە بابەتی سەرەکی نووسینەکایان؟

هەقە لەمەودوا بەشێکی گرنگی نووسینەکانمان بەدوای ئاشکراکردنی ئەو پرسیارانەوە بێت , ئایا بۆچ دەسەلاتدارانی کوردستان دەتوانن فرۆکەخانە بە کەمتر لە 2 سال دابین بکەن و نوێترین جۆری مۆبایل و خەتی تەلەفۆن و ئەنتەرنێت بگەیەننە کوردستان و شاری خەونەکان بە مۆدێرنترین شێوە دروست بکەن ,نهێنیەکە لە چدایە یەکێتی و پارتی 15 زستانە, نەتوانن لە 2 کاتژمێر زیاتر کارەبا بۆ خەلک دابین بکەن ؟؟؟ .

.